بەشی پێنچەم

# پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان

**ئەردەلان عەبدوڵلا**




پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان ، دووەمین رۆمانی شێرزاد حەسەنە ، ساڵی 2001 ی چاپی یەکەمی کردووە ، پاشانیش چاپێکی تری کردۆتەوە. ئەم رۆمانە داستانێکی خۆشەویستی دووکەسە ، دوورۆحی پاک و بێگەردی دەشتی هەولێرە . چیرۆکی خۆشەویستی لاس وغەزاڵێکە،حەسەن و مریەم ، خەج و سیامەندێکە ، دواجاریش لاوکێکە و داستانە خۆشەویستیەکەی مەم و زینمان بیردەهێنێتەوە . کەئەمانیش وەکوو هەموو خۆشەویستەکانی کوردستان ، تووشی چەندین کێشەو گیروگرفت دەبن . لاس و غەزاڵەکەی شێرزادیش ، دیرۆکی پڕ شەرمەزاری ئاغاو دەرەبەگەکان پیشان دەدات و،چۆن دەبنە چەتەو رێگر ، لەم دوو فریشتەیە . ناچار بایزو هەمینیش، وەکوو دووپەپوولە گوندەجوانەکەیان جێ دەهێڵن و، بەرەو شارە پیرەکە بەرێدەکەون . وەلێ بەداخەوە ، ئەوشارە پیرەش نەیتوانی ، ببێتە لانکەیەک بۆ دووجووتیاری هیلاک و ماندووی پێدەشتەکانی .

پاش ئەوەی سی ساڵ لەم شارەدا بە برسێتیو هەژاری دەژین . بایز خەریکی راوەرێشۆڵەیەو ، هەمینی ژنیشی ، خەریکی کارکەری ماڵە دەوڵەمەند وئاغاکانی شاردەبێت . هەرچەندە زۆرهەژارو بێ درامەتیشن ، وەلێ زۆرخۆش دەژین ، گەورەترین ئینەرجی ئەم ژیانە خۆشیەیان ، ئەو ئاگری خۆشەویستیەیە ، کە چەندین ساڵە لە ناخیاندا ، وەکوو بورکانێک ماوەو ، هەموو ساردوسڕی ژیانیان گەرم دەکاتەوە. هەرچەندە لەخۆشی منداڵ بێ بەشن ، لەخۆشی ژیان مەحرومن . کەچی هەر عاشقی ژیانن . بەداخەوە لەیەکێک لەشەوە تاریک و باراناویەکان ، هەمین لە بایز بزردەبێت و، ئەمەش دەبێتە هۆی چارەڕەشی و کۆتایی ژیانی هەردووکیان . .
بایز هەرکۆڵ نادات و بەدوایدا دەگەڕێت ، وەکو شێت بەسەر جادەوکۆڵانەکاندا هاوار دەکات

( **هەمین ئەتوو لەکوێی ، لەکوێی** ) . خەڵکی نامەردو نامرۆڤیش ، ئەم جەستە ماندووە ، دەکەنە جێگای قەشمەری و گاڵتەی خۆیان . بە جەستەی ماندوو ، کارەساتەکەی بایز ، دڵی نەخۆشی خۆیان گەرم دەکەنەوە.

**چاکتر وایە بەسەر قەڵادا هەڵبگەرێ ی ، لەوێ لافاوی (نوح) یش هەڵسێ تۆ ناگرێتەوە. ل 147**

**هەموو بەیانیەک لەم وەختەدا لە باوەشی گەرمی هەمینێ دەهاتیتە دەر، وای لەوباوەشە، دەبێ بەهەشت هەرباوەشی گەرم و پڕ سۆزی ژنێکی وەک هەمین بێ ،  هەمین ئەگەر لەوێ بەهەشتی بووم حەفتا حۆریکە بەتوو ناگۆڕمەوە ..ل 148**

ئەوشتەی کەبەلای منەوە زۆرگرنگ بوو، شێرزاد توانیویەتی لەم رۆمانەیدا ، حاڵەت و وەزعی ژیانی ئەو خەڵکانەی کەتووشی نەخۆشی دەروونی دەبن،  دەربخات. لەهەمان کاتیشدا ئەو هەڵسووکەوتە نامرۆڤی و نامەردانەی کەخەڵکی لەگەڵ شێت و نەخۆشە کان دەیکەن . بەراستی شێرزدا زۆر شێرانە ئەو حاڵەتەی دەرخستووە. ئەو هەڵسووکەوتە پڕشەرمەزاریەی کەخەڵکی لەگەڵ مرۆڤی شێت دەیکات ، تائەوپەڕی دڕندایەتییە. هەرچەندە خۆی بەپێی زانست ، ووشەی "شێت"  ، ووشەیەکی نادروستە و،نازانستیە. چونکە هەموو مرۆڤێک تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت .

**کەلە سەرجادەو ناوکۆڵانەکان دەردەکەوتی سەدمناڵ بەیەکەوە ، سەدەها گەنجی مل هوڕ وتۆڵازی بێ شەرەف بەیەکەوە  هاواریان دەکرد ئەوەتا هەمین .. هەبوو دەستی بەناوگیرفانی دا دەکرد و دەیووت هانێ ئەوەتا هەمین ... هەبوو سەرسەریانە دەستی بۆناوگەڵی دەبردو دەیووت : هانێ هەمین .. هەندێ لە دوکاندارانی سمێڵ بابڕ دەستیان بۆ قوونی خۆیان دەبردو دەیانووت : ئەوەتا هەمین .. بەتۆوە  گشت شێتەکانی شاریان بەنەفرەت دەکرد .. ل 195 .**

**رۆژێکیان خاوەنی جوانترین کۆگای شار کەلاوێکی قۆڵ ئەستوور بوو بەرزەفتی کردیت و بەبەرچاوی سەدەها کەس و ڕێبواری تیژتێپەڕو پۆلیسەوە دەمتی پڕکرد لەوردە شووشەی شکاوی جامخانەکەی و هەردوولاڕوومەتی تۆی بە زللە ئاگر دەداو هەڕەشەی لێ  دەکردی کەئەگەر وردە شووشەکان نەجووی بەرت نادات ، دەیووت : مەگەر دەروێش نیت ، هەرهەمووان ، بەپۆلیسەکانەوە ، قاقاپێدەکەنین .. زللەیەک  و دوو. ..دە.. تۆش ، لەترسانا کەوتیتە شووشە جاوین ، پاشان لێ ی دەدایت و دەیووت : ئەوجا هەنوکە بڵێ : هەمین .. هەمین ... تۆلازێکی لەو کەرتر تۆی گرت و هەڕەشەی لێ کردیت کەبە زنجیر دەتبەستێتەوە گەر بە پێ ی پەتی بەسەر وردە شووشەکاندا هەڵنەپەڕیت .. هەڵپەرین بەمەرجی خوێن  لێ هاتن ..ل196**

کاتێک کەئەم رۆمانەم دەخوێندەوە ، زۆر زۆر گریام . بەراستی ئەو هەڵسووکەوتە وەحشی و بەربەریانەی ، کەخەڵکی لەگەڵ شێتەکان دەیکەن ، زۆر ئازاری دام . دیارە لەکوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی ، هەڵسووکەوتی ئێجگار خراپ و بەربەریانە لەگەڵ شێتەکان و نەخۆشەکان دەکەن . بەداخەوە هەتاوەکوو ئەمرۆش هەروایە .
بایز بەم حاڵەتە وەحشیەش هەر ڕازیە ، کەچی خەڵکی  شارە پیرەکە وازی لێ ناهێن و دەیانەوێت لەشار دەریبکەن ، **چونکە وەزعیان لێ تێکداون !! .**
**ئاسمانی شار پڕ کردبوو لە دەنگە دەنگ و قەڕەباڵغی ، ئەو هاتو هاوارە دەڕژایە ناو کۆلانەکان و حەوزەکان وسەربانەکان و سەرجادەکان، دەڕژایە  سەرگمەزو منارەکان ، لەوەدەچوو یەک شار راوکردنی شێتەکانی کردبێ بەبیانوو تاوەکو شێتی و هاربوونی خۆی فڕی بداتە ناو هەواو سەرجادەکان ، کوشتنی سەگەکان بکا بە بیانوو تاوەکوو ئارەزوویەکی کوشندە وخوێناوی خۆی لەخوێن رشتن تێر بکات .ل204/203**
**هەزارکەس بەیەکەوە هاواریان دەکرد ( ئەرێ وەڵا خۆیەتی .. دەروێشە ) ئیدی تۆئەوەندەت پێ کرا بەرلەوەی**

**ئەوئاپوورەیە دەستی بنگاتێ ڕابکەی ، ،ل 205**
**لە دواتەوە هەرهەمووهاواریان دەکرد : ( هەمین ئەوەتا دەرویش بگەرێ وە) ..نەتدەزانی سەیری کام لا بکەیت ، ، بەچوار چاو دەتڕوانی ، ،ل 206 .**
**ڕاوە بەراز .. ڕاوە ئاسک .. ڕاوە کەرویشک .. ڕاوە سمۆرە .. هەموو جۆرە ڕاوێکت بیستبوو .. بەڵام ڕاوە مرۆڤ ؟ ..نەخێر .. ل 211**

ئیتر ئەمە دیرۆکی چەندین ساڵەی شارێکی پیرە ، کەزۆر زەحمەتە هەروا شەو ڕۆژێک بگۆڕدرێت .
بایزی ماندوو، بەناچاری لەم شارەدا لەگەڵ سەگ و شێتەکانی تر ڕوادەکرێت و، ڕەوانە یەکێک لە شێتخانەکانی بەغدا دەکرێت و ، ئەمەش دواهەمین قۆناغی ژیانی بایز دەبێت .

**حەزی هەمین و حەیرانە کوژراوەکان ، لاوکە بە ئێش و برینداروەکان ، هەرهەموویان خستە نێودڵتەوە.. شارێک کەکۆنە جووتیارێکی نەحەواندەوە. ل 217**

**شارێک کەبە درۆ دروست کرابێ ، شارێک لە شارەکانی نێوحەکایەتە کۆنەکان کە پیرەژنێکی ددان کەوتوو وەسفی بکات ، قەڵاکەی لەسەرئێسک و پروسکی هەژاران بێ و.. منارەکەشی کەللەسەری عاشقەکانی...ل218 .**

**چەند سەرنجێک**

دیارە ئەم ڕۆمانە چیرۆکێکی خۆشەویستیە ، کەبەراستی شێرزاد زۆر ئەدەبیانە داستانەکەی گێراوەتەوە. بەداخەوە ئەم کاروانی مەرگی عاشقانە ، هەتاوەکوو ئەمرۆش هەربەردەوامە . هەتاوەکوو ئەمرۆش ، جەستەی ژن و کچان ، دەکرێتە گۆرەپانێکی خوێناوی ، بۆئەوەی پیاوان بێ شەرەفی خۆیان تێدادەربخەن .

**زمان**

بەکارهێنانی شێوەزاری دەشتی هەولێر، شتێکی جوانە . عەبدوڵلا پەشێو لەبەشێکی زۆری شیعرەکانی ، چەندین ووشەی جوانی دەشتی هەولێری بەکاردەهێنێت ، وەلێ لەهەمان کاتیشدا فەرهەنگۆکێک بۆ ئەو ووشانە دادەنێت . دەبوایە شێرزادیش فەرهەنگۆکێکی دابنایە ، چونکە بەراستی زۆر ووشە هەیە خوێنەری ناوچەکانی تر لێی تێناگەن . من بەش بەحاڵی خۆم ، وەک هۆرامیەک بەهەزارحاڵ سۆرانی ( سلێمانی) فێربووم ، زۆرکەم شارەزاییم لەو شێوەزارەی دەشتی هەولێرێ هەیە. ناچاربۆهەندێک ووشە پرسم بەچەند برادەرێکی هەولێری دەکرد . یەکێک لەو ووشانە کەهەر سەرم لێی دەرنەدەچوو ،زۆر ئازاریشی دام ، ووشەی ( قەپرەچ ) بوو. چەند برادەرێکی هەولێری نەبایە ، هیچ کاتێک لەمانای ئەم ووشە قوورسە تێنەدەگەیشتم .

**ئایا ئەم ڕۆمانە پێشتر حەیران نەبووە؟!**

دیارە حەیران ، وەک ژانرێکی موزیکی کوردی ، لەپێدەشتەکانی هەولێر زۆربڵاوە. بەشێکی زۆری ئەوحەیرانانە ، چیرۆکی خۆشەویستی و دیرۆکی ناوچەکەیە . دیارە بەحوکمی ئەوەی جاران خەڵکی خوێندەوار زۆرکەم بووە، خەڵکی لەڕێگای حەیرانەوە ، چیرۆک و دیرۆکی خۆیان تۆمارکردووە. ئەم ڕۆمانەی شێرازدیش ، حەیرانێکی پێدەشتی هەولێرە . تەنانەت لەبەشێکی زۆری ڕۆمانەکەشدا ، دەقە حەیرانەکانی وەکوو خۆی نووسیوەتەوە. وەلێ بەداخەوە شێرزاد چ لە پێشەکی یان لە پاشەکی دا، هیچ ئاماژەیەک بەوەناکات ، کەلە حەیرانێکەوە ئەم ڕۆمانەی نووسی بێت . بەبڕوای من دەبوایە شێرزاد ئاماژەی بەو سەرچاوەیە بدایە . چونکە ئەمە شتێکی نادروستە ، تۆ ڕۆمانێک سەرچاوەکەی حەیرانێک بێت ، کەچی باسیشی نەکەیت . بەداخەوە شێرزاد ئەمەی نەکردووە، کەدەبوو ئاماژەی بەوە بدایە ، کەسەرچاوەی ئەم ڕۆمانە ، حەیرانێکی هەولێرە.

**ئایا ئەم ڕۆمانە درێژکراوەی چیرۆکی ڕیشۆڵە نییە؟!**

لەکۆمەڵە چیرۆکی تەنیایی ، یەکەم چیرۆکی ناوی **(ڕیشۆڵە)یە.** ئەم چیرۆکە باسی راوچیەک دەکات ، کەراوە ڕیشۆڵە دەکات . کابراش ناوی دەرویش بایزەو ، ژنەکەشی ناوی هەمینە. بە بڕوای من ، ئەم ڕۆمانە درێژکراوەی ئەو چیرۆکەیە . چونکە هەمان بابەت و باسە، تەنانەت ناوەکانیش هەرهەمان ناون ، هیچ شتێکی وانەگۆڕاوە. من ئەمە یەکەمینجارە شتی وابیبنم ، کە چیرۆکێک، پێشتر بە کورتە چیرۆک نووسرابێت و پاش چەند ساڵێکی تر لەلایەن هەمان نووسەرەوە،بکرێتە ڕۆمان . دیارە چیرۆکی ڕیشۆڵە کەساڵی 1997 نووسراوە ، ساڵی 1983 چاپکراوە، ڕۆمانی پێدەشتی کارمامزەکوژراوەکان ، ساڵی 2001 چاپکراوە. وەلێ گەر خوێنەر بە ووردی هەردووکیان بخوێنێتەوە ، هەرزوو هەست دەکات ، کەهەردووکیان لەیەک سەرچاوەوە ، ئاو دەخۆنەوە . بەداخەوە شێرزاد هیچ ئاماژەیەکیش بەم حاڵەتە نادات .

**تراژیدیا**

ڕاستە ئەم ڕۆمانە داستانێکی خۆشەویستیە ، وەلێ بەداخەوە زۆر بەشێوەیەکی تراژیدیانە نووسراوە ، بەتایبەت لە کۆتایەکەیدا زۆر تراژیدیە. نەدەبوو هێندە بەو ڕەشیە ئەم داستانە بنووسرایە . من بەش بەحاڵی خۆم ، لەکۆتایی ڕۆمانەکدا هەردەگریام ، هەرچی ئازارو مەینەتیەکانی ژیانی خۆم هەبوو ، هەموویانم بیردەکەوتەوە ، تێر تێر دەگریام . خوا خوام بوو ، گەرچی زووترە ئەم ڕۆمانە تەوابکەم ، کۆتایی بەم حاڵەتە تراژیدیایە بهێنم .

بەبڕوای من ، شێرزاد زۆر ڕەشبینانە ، ئەم ڕۆمانەی نووسیوە ، لەزۆر شوێندا ، زیاد لەپێویست نووکی قەڵەمەکی ڕەش کردۆتەوە. هەر ئەم ڕەشبینیەش ، خوێنەر تووشی نارەحەتی و بێ تاقەتیەکی زۆر دەکات . من پێم وایە مادام بابەتەکە ، شتێکی ڕۆمانسیە ، دەبێت ڕۆمانسیانەش پاڵەوان و ڕووداوەکان دابرێژیت . چونکە شتی ڕۆمانسی تایبەتمەندی خۆی هەیەو ، تراژیدیاش ڕێچکەی خۆی هەیە . شێرزاد هاتووە بابەتێکی ڕۆمانسی ، بەزمانێکی تراژیدیایانە نووسیوە . وایکردووە داستانەکەی بەدەستی خۆی کوشتووە.

سەرچاوە:

پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان. شێرزاد حەسەن . چاپخانەی تیشک . چاپی یەکەم .سلێمانی . 2001